کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران)

دەورەی دووهەم- ژمارە ٤١٨-نیوەی دووهەمی خەرمانان ١٤٠٠-سێپتامبر ٢٠٢١

سەروتار

## ئاسۆی حیزبی کومونیستی ئیران لە یادی ٣٨ ساڵەی دامەزرانی دا


ڕۆژی پێنج شەممە ١١ی مانگی خەرمانان، ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانە. ٣٨ ساڵ لەمەوبەر لە وەها ڕۆژێکدا، لە کۆنگرەی دامەزرێنەردا، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە کوردستانی شۆڕشگێڕ دامەزرا. لەم ڕۆژەدا ، یاد و بیرەوەری خەباتکارانێك کە لە ڕێزەکانی ئەم حیزبە، لە زیندان و لە ژێر درندانەترین ئەشکەنجەکاندا، ئێعدام کران، یان لە سەنگەرەکانی خۆڕاگریی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان، لە ڕێزی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا، گیانی ئازیزیان لە پێناوی ڕزگاری ئینسانی چەوساوە و ستەملێکراو فیدا کرد، ڕێز لێدەگرین و درود و سڵاو دەنێرین بۆ بنەماڵە خۆڕاگر و سەربەرزەکانیان. هەروەها لەم ڕۆژەدا ڕێز لە خەبات و خۆڕاگری کرێکاران و کۆمۆنیستە بەندکراوەکان و هەموو بەندکراوانی سیاسی دەگرین کە بۆ دیفاع لە باوەڕ و بەرنامە و ئامانجەکانیان، بەرەنگاری ڕژیمی سەرکوتگەری ئیسلامی بوونەتەوە و لە نامرۆڤانەترین بارووودۆخدا لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی بەسەر دەبەن. بە هیوای ئەوەیکە خرۆشی خەبات و نارەزایەتیی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش و ستەملێکراو، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە تەختی دەسەڵات بێنێتە خوار و هەموو بەندکراوانی ئازادی خواز بەسەرکەوتن و بە بزەی خۆشی لەسەرلێو، بگەڕێنەوە ناو باوەشی ئازیزانیان.

دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە ڕۆژی ١١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی، هەنگاو هەڵگرتن لە ڕێگایەکدا بوو کە چینی کرێکار پێویستە پێیدا تێپەڕێت، تا لە چینی چەوساوە و بێ بەشی کۆمەڵ ببێتە چینی دەسەڵاتداری ئەو کۆمەڵە، تا کۆمەڵی ئێران لە هەموو ئەو قەیران و نەهامەتیانە ڕزگاری بێت کە بەرۆکی زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی ئەو وڵاتەی گرتووە، تا لە ئاکامی نیهایی ئەم ڕەوتەدا، سۆسیالیزم، کۆمەڵگایەی ئینسانی ئازاد و یەکسان و بەختەوەر بێنێتە دی. بە وەها ئاسۆیەك بوو کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە هەوڵی دامەزرێنەرانی، پێکهات و چالاکیی خۆی دەستپێکرد. ئەم حیزبە لە بارودۆخێکدا دامەزرا کە شۆڕشی ئێران لە ژێر زەربەی دژە شۆڕشی ئیسلامی، دوایین هەناسەکانی خۆی هەڵدەکێشا. سەرکوتی خوێناوی و دەستبەسەر کردن و ئێعدامی بەربڵاو، بەشێك لە ڕێکخراوە چەپەکانی، بەکردەوە، لەناو بردبوو یان پەرەوازەی ئەم سەر بۆ ئەو سەری دونیای کردبوون. سەرلێشێواوی حەرەکەتی چەپی ئێرانی داگرتبوو. لەم بارووودۆخەدا پێکهاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە لایەن بەشێك لە هێزە چەپەکانی ئێران، سەرەڕای پێویستێکی روتینی یەکگرتن، لە هەمانکاتدا دژەکردەوە و وڵامێکی شۆڕشگێڕانە بەم دۆخە نالەبارە بوو. هاوکات لەگەڵ ئەوەیکە ڕژیمی ئیسلامی لە هەموو شوێنێك لەناوچوونی ڕێکخراوە سیاسیەکانی لە جاڕ دەدەا، حیزبێکی سیاسیی نوێ و پڕ جۆش و خرۆش، خەریکی سەرهەڵدان بوو. ئەگەرچی دوو ڕێکخراوی سەرەکی کە بەردی بناغەی ئەم حیزبەیان دانا، "ئیتحادی موبارزانی کۆمۆنست" و "کۆمەڵە" بوون، بەڵام بە دوای ڕاگەیاندنی بەرنامەی هاوبەشی ئەو دوو جەریانە و ڕوون بوونەوەی ڕێباز و ستراتێژی ئەم حیزبە، فراکسیۆنگەلێك لە چەندین ڕێکخراوی چپی ئێران بەو حەرەکەتە پەیوەست بوون و نوێنەرانییان لە کۆنگرەی دامەزرێنەردا بەشداریان کرد.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەر لە سەرەتای دامەزراندنی، لە تاران و شارە گەورەکانی ئێران و لە ناوەندە کرێکارییەکان، ژمارەیەکی بەرچاوی لە هەڵسووڕاوانی سیاسی کرێکاری و چالاکانی کۆمۆنیستی لەخۆگرتبوو. ئەو

بەشە لە تەشکیلاتی حیزب لە ساڵە دژوارەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی کەوتە بەر پەلاماری دوژمن و ژمارەیەکی زۆریان لە تاران و شارەکانی دیکەی ئێران کەوتنە زیندانەکانی ڕژیم و دواتر زۆربەیان ئێعدام کران. ژمارەیەکی دیکەش بە ناچار ڕوویان لە کوردستان کرد یان بۆ دەرەوەی وڵات ڕۆیشتن. ئەم بارووودۆخە بەربەستی ڕاستەقینە بوو بۆ پەرەپێدانی چالاکی تەشکیلاتیی حیزب لە ئاستی سەراسەریدا. بەڵام لە کوردستان حیزبی کومونیستی ئێران بە بوونی کۆمەڵە پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی پاراست.

دریژە ی ل٢



## یادێک لە سێ خەباتکاری کۆمۆنیست، فواد و سدیق و غۆڵام ل٧




## ٤٢ ساڵ خەبات و خۆڕاگری لە کوردستان دوای فەرمانی جیهادی خومەینی ل٥



## شایەلۆغای کۆنەپەرستانی کوردستان بۆ سە رکەوتنی تالیبان لە ئەفغانستان زۆر ناخایەنێ ل٩



## حکوومەتی ئیسلامی داماو لە دابین کردنی ئەمنییەتی خۆی ل٦

## دووپات بوونەوەی شکستی سایگۆن لە کابۆل ل٧






## ژنان نووکی هێرشی بناژۆخوازانی ئیسلامی ل٢



## مەحکووم کردنی هێرشە ئاسمانییەکانی ئەرتەشی تورکییە لە قووڵایی خاکی کوردستانی عێراق ل٨

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤١٨-نیوەی دووەهەمی خەرمانان ١٤٠٠-سێپتامبر ٢٠٢١

# حکوومەتی ئیسلامی داماو لە دابین کردنی ئەمنییەتی خۆی

حکوومەتی ئیسلامیی دەسەڵاتدار لە ئێران لە بواری دابین کردنی ئەمنییەتی ناوخۆیی خۆی یەکێك لە بێتواناترین دەسەڵاتەکانی ناوچەکە و جیهانە و لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا گەلێك زەربەی کاریی کوشندەی لەم بوارەدا بەرکەوتووە. حکوومەتێك کە باڵاترین سەردارە نیزامییەکەی لەبەرچاوی خەڵکی جیهان دەکوژرێت، لە شەقامەکانی تاران و باقیی شارەکانی دیکە زانا ئەتۆمییەکانی یەك لە دوای یەك تیرۆر دەکرێن، پێگە ئەتۆمی و نیزامییەکانی یەك بە دوای یەکدا هەك دەکرێن و دەتەقێندرێنەوە، بە تۆن بەڵگە ئەمنییەتییەکانی لە حاشارگەکانی دەردەکێشرێ و بۆ وڵاتانی دیکە دەگوازرێتەوە، دووربینەکانی چاوەدێریی ئەمنییەتیترین زیندانە سیاسییەکەی (واتە ئێڤین) لە تاران هەك دەکرێت و وێنەی ئەشکەنجە و هەتکی حورمەتی بەندکراوانی سیاسی بە خەڵکی جیهان نیشان دەدرێت، وەها حکوومەتێك بەو ئاستە لە زەبوونییەوە، لە بەرامبەر ناڕەزایەتیی ئاشتی خوازانەی خەڵکدا بە دڕندانەترین شێوە هەڵسووکەوت دەکات و بەرامبەر بە دیلە دەست بەستراوەکان لە زیندان، زیاترین "ئۆتۆریتە" لەخۆی نیشان دەدات.

ڕژیم بەردەوام هەوڵ دەدات ئاستی کارایی دەزگا ئەمنییەکانی خۆی بە ڕووی خەڵك بکێشێت. بەڵام ڕاستییەکان پێچەوانەکەی نیشان دەدەن. بۆ دەزگا نیزامی و ئەمنییەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، کوشتنی بەندکراوانی دەست بەستراو لە ناو زیندانەکان و ئەشکەنجەی خۆفناك ئاسانە، بەڵام پاراستنی گیانی کارناسانی گرینگترین و پڕخەرجترین پڕۆژە نیزامییەکان دژوار و ئاستەمە. بە بەند کێشانی چالاکانی مەدەنی بۆ ڕژیم ئاسانە، بەڵام ناتوانێ گیانی مۆرە کلیلییەکانی وەك قاسم سولەیمانی و ئەبومۆهەندێس و فەخری زادە، بپارێزێ. لەشکرەکانی دەتوانێ لەسەر شەقامەکان لە گیانی ڕیزی ناڕەزایەتیی ئاشتیخوازانەی خەڵك بەردات، بەڵام لە بەرامبەر تیمێکی عەمەلیاتی کە بە ڕۆژی ڕووناك بەر بە زانا ئەتۆمییەکەی دەگرن و دەیکوژن و شوێنی عەمەلیاتەکە بەخێرایی جێ دەهێڵن، بێتوانایە. ئەمجۆرە عەمەلیاتانە کە هەتا ئێستا گەلێك نموونەی هاوشێوەی بەڕێوەچووە، ئەفسانەی بەهێز بوونی سیستمی ئیتلاعاتیی کۆماری ئیسلامی کە بەردەوام خەڵکی پێ دەترسێنن، پووچەڵ دەکاتەوە. ماوەیەك لەمەوبەر وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوەی ڕژیم، جەوادی زەریف گلەیی و گازندەی دەکرد کە لە زمانی "جان کێری"یەوە بیستوویەتی کە دووسەد جار هێرش کراوەتەوە سەر هێزەکانی سپای قۆدس بەڵام ناوبراو لێی ئاگادار نەبووە!

لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا حکوومەتی ئیسلامی نەیتوانیوە ئەمنییەتی سەرانی ڕژیم و مۆرە سەرەکییەکانی بپارێزێ و زۆرێك لە کارەبەدەستە باڵا سیاسی و نیزامییەکانی ڕژیم لە لایەن نەیارانییەوە لەناوچوون. ئەوەیکە لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بیندراوە، نفووزی ڕوو لە زیادبوونی سرویسەکانی سیخوڕی، خرابکاری، تیرۆر و لەناوبردنی ئیمکاناتی ئینسانی، تێکنیکی و زانیاریی ڕژیم بووە. لە ئێستادا پاش چوار دەیە لە دەسەڵاتداریەتیی باندی مافیایی ئیسلامی لە ئێران نە تەنیا بەشێکی بەرین لە خەڵك هیچ جۆرە ئەمنییەتێکی کاری، سڵامەتی و سیاسییان نییە، بەڵکوو ڕژیم توانای دابین کردنی ئەمنییەتی زیندانی ئێڤین و باقیی ناوەندەکانی سەرکوتی خۆشی نییە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە بەرامبەر دەزگا زانیارییەکانی ڕەقیب بەمجۆرە بەچۆك داهاتووە، لە بواری زەوت کردنی ئەمنییەت لە خەڵکی ئێران لە پلەی یەکەمی ڕژیمە سەرکوتگەرەکانی جیهان دایە. بێ کەفایەتی و نابەرپرس بوون لە بەرامبەر کۆرۆنا، پەرەسەندنی ئێعتیاد، هەژاری، لەشفرۆشی، سەرکوتی نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران، ئاپارتایدی جنسییەتی و پێشێلکردنی مافی بەرابەریی ژن و پیاو، تیرۆر و ئێعدام و ئاوارە کردنی نزیك بە ١٠ لەسەدی جەمعییەتی ئێران تەنیا چەند نموونە لە کارکردی کۆماری ئیسلامییە لە زەوت کردنی ئەمنییەت لە خەڵکی ئێران.

نوێترین نموونەی سەلمێنەری لاوازبوونی دەزگاکانی زانیاریی ڕژیم بڵاوبوونەوەی فیلمەکانی زیندانی ئێڤین واتە یەکێك لە ئەمنییەتیترین زیندانەکانی ڕژیمە. لەم زیندانەدا هەتا ئێستا بە هەزاران بەندکراوی سیاسی ئەشکەنجە دراون و ئێعدام کراون. لە چەند دەقیقە فیلمێك کە هەتا ئێستا لە هەك کردنی دووربینە مەدار بەستەکانی زیندانی ئێڤین ڕوو بە دەرێ بڵاو بووەتەوە، لێدان و کوتەككاریی بەندکراوانی سیاسیی دەست و پێ بەستراو، ڕاکێشانی بەندکراوی بێهۆش بەسەر عەرزدا و ڕەد بوونی ئاخوندێك بە بێ هیچ بایەخێك بەسەر بەندکراوێکی بێهۆش و هەوڵی خوکوژیی بەندکراوێکی دیکە دەبیندرێ. ڕوخساری پاسەوانانی زیندان و ئەشکەنجەدەران لەسەر تەلەویزیۆنەکان دەردەکەوێت و خەڵك دەتوانن بە چاوی خۆیان توندوتیژی و بەربەرییەتی ئسیلامی دەرحەق بەندکراوانی سیاسیی دەست و پێ بەستراو و بێهۆش ببینن.

ئەگەر لە چەند دەقیقە فیلمێکی بەدەست هاتوو لە زیندانی ئێڤین ئەو هەمووە وەحشیگەری و توندوتیژییە دەبیندرێ، دەکرێ بیهێنینە بەرچاو کە لە ماوەی یەك ڕۆژ، یەك حەفتە و مانگ و ساڵ، لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا، چ کارەسات و جەنایاتێك دژبە بەندکراوانی سیاسی لەم زیندانەدا ڕووی داوە. پتر لە ٤٠ ساڵە کە حکوومەتی تاڵەبانی شیعە لە ئێران دەسەڵاتدارە و ئەمڕۆ خەڵکی جیهان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەتوانن بەربەرییەتی ئەم ڕژیمە لە ناو زیندانەکان و دژبە بەندکراوانی سیاسی ببینن.

خەڵکی شەریف و وشیاری ئێران درەنگ یان زوو بە ڕووخاندنی حکوومەتی کۆنەپەرستی ئێسلامی، دەرگای هەموو زیندانەکان دەکەنەوە و گشت بەندکراوانی سیاسی ئازاد دەکەن و زیندانی ئێڤین و باقیی ناوەندەکانی ئەشکەنجە و ئێعدام دەکەنە مۆزەخانەی نیشاندانی توندوتیژی و بەربەرییەتی حکوومەتی ئسیلامی، لەم وێنانە و باقیی بەڵگەکانی ئەشکەنجە و ئێعدام کەڵك وەردەگرن تا ڕێبەرانی ڕژیم بە تاوانی ئەنجامدانی جەنایەت دژبە مرۆڤایەتی بە موحاکەمە بکێشن.




***



پێشڕەو
دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤١٨-نیوەی دووەهەمی خەرمانان ١٤٠٠-سێپتامبر ٢٠٢١

# دووپات بوونەوەی شکستی سایگۆن لە کابۆل






بەرەبەیانیی ڕۆژی دووشەممە، تێرمینالی فڕۆکەخانەی نێونەتەوەیی کابۆل شایەدی ورووژمی هەزاران کەس بە مەبەستی ڕاکردن لە کابۆل بوو. ئەم کەسانە زۆربەیان بەهۆی هاوکاری لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا لە مەترسیی تۆڵەسەندنەوەی هێزەکانی تاڵەبان دابوون. بایدێن بەڵێنی دابوو کە بە نزیکەی ٢٠ هەزار کەسیان ویزای چوون بۆ ئەمریکا بدات. سەربازانی ئەمریکایی پاش لێکهەڵوەشانی دەوڵەتی ئەفغانستان کۆنترۆڵی فڕۆکاخانەی کابۆلیان بەدەستەوە گرتووە تا باروودۆخی چوونەدەرەوەی دیپلۆماتەکان و کەسانی بیانی لە ئەفغانستان دابین بکەن. سەربازان بەرەورووی ئەم خەڵکە تەقەیان کرد و بەهۆیەوە لانیکەم دە کەس گیانیان لەدەست دا. دووربینی تەلەویزیۆنەکان وێنەی دڵتەزێنی ئەو خەڵکەیان نیشان دەدا کە لە هەوڵی ئەوەدا بوون خۆ بە فڕۆکەی نیزامیی ئەمریکاوە هەڵاوەسن کە لەسەر باندی فڕۆکەخانەکە ئامادەی حەرەکەت دەبوو. دووربینەکان لانیکەم وێنەی کەسێکیان تۆمار کردووە کە لە ئاسمانەوە کەوتووەتە خوارەوە.

هەر بەم بۆنەوە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دوو وێنەیان بەهۆی هاوشێوەیی سەرسووڕهێنەریان لە پەنا یەکتری دانا. یەکەم وێنەی دوایین ساتەکانی هەڵاتنی هێزەکانی ئەمریکا لە ڤییەتنام لە ڕۆژی ٣٠ی ئاوریلی ١٩٧٥ و دووهەم وێنەی ڕۆژی دووشەممە ١٧ی ئووتی ٢٠٢١ لە فڕۆکەخانەی کابۆل.

لە ساڵی ١٩٥٥ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستی دایە شەڕێکی خوێناوی جەنایەتکارانە لە ڤییەتنام و ٢٠ ساڵ دواتر بە قەبووڵ کردنی شکستێکی سەرشۆڕانە لە وڵاتێکی چکۆلە و هەژار لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، بە دانی ٥٨ هەزار کوشتە لە هێزەکانی ئەمریکا و کوشتاری پتر لە یەك ملیۆن و ١٠٠ هەزار کەس لە خەڵکی خەباتکار و خۆڕاگری ڤییەتنام، ناچار بوو شکستی خۆی لەم شەڕەدا قەبووڵ بکات. ڤیت کۆنگەکان(واتە هێزەکانی بەرەی ئازادی بەخشی ڤییەتنام) بە ڕێبەریی حیزبی کۆمۆنیست و هوشی مین لە پشتیوانیی بەرینی بیروڕای گشتی جیهان بەهرەمەند بوون. لەگەڵ پەرەسەندنی ناڕەزایەتی لە ناوخۆی وڵاتی ئەمریکا، چوونەسەرەوەی بەردەوامی ژمارەی کوژراو و بریندارەکان، چوونەسەرەوەی هەزینەی سەرسووڕهێنەری شەڕ و پەراوێزخران و مەحکووم کرانی ئەمریکا لە ئاستی جیهانیدا، دەوڵەتی ئەمریکا پاش ٢٠ ساڵ، بە سەرلێشێواییەوە هێزەکانی خۆی لە سایگۆن هێنایەدەر.

لە ساڵی ٢٠٠١ و پاش هێرشی گرووپی تیرۆریستیی ئەلقاعیدە بۆسەر بیناکانی ناوەندی تیجارەتی جیهانی و پێنتاگۆن، بە فەرمانی جۆرج بووش ئەرتەشی ئەمریکا دژبە حکوومەتی تاڵەبان لە ئەفغانستان چووە ناو شەڕەوە. ڕێك ٢٠ ساڵ دواتر ناچاربوون سێناریۆی سایگۆن، بەڵام ئەمجارەیان لە شاری کابۆل دووپات بکەنەوە.

بینانووی ئەمریکا بۆ شەڕ لەگەڵ ڤییەتنام، دیفاع لە حکوومەتی کارتۆنی و هاوپەیمانی خۆی لە ڤییەتنامی باشوور، ڕێگری لە پەرەسەندنی کۆمۆنیسم و کەوتنە مەترسیی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە وڵاتانی وەك ڤییەتنام، لائۆس و کامبۆج بوو. هەر وەك چۆن لە شەڕی داگیرکەرانەی ئەمریکا لە ڤییەتنام ئەرتەشی ئەمریکا نەیتوانی دەوڵەتی دەستنیشاندەی خۆی لەم وڵاتە، سەرەڕای هەموو هەزینەیەك بپارێزێ، دەوڵەتە سەرسپێردراوەکەشی لە ئەفغانستان تووشی هەر ئەم چارەنووسە کرد.

خەڵکی تێکۆشەر و خەباتکاری ڤییەتنام توانییان یەکگرتوویی باشوور و باکووری ڤییەتنام وەدی بێنن و بەقەد توانای خۆیان هەوڵیان دا ئەم وڵاتە کە لە وێرانەیەك زیاتر نەبوو، ئاوەدان بکەنەوە. بەڵام چوونەدەرەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستان بوو بەهۆی بەدەسەڵات گەیشتنی دووبارەی تاڵەبان. واتە هێزێك کە کەوتووەتە بەر نەفرەتی کۆمەڵگەی جیهانییەوە. ئەم ڕووداوە دەتوانێ وڵاتی ئەفغانستان بەدەیان ساڵ بگەڕێنێتەوە دواوە. ژنان، ڕۆژنامەوانان، میدیای ئازاد، کەمینە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان، داهێنان و پێشکەوتن، پەروەردە و بارهێنان، هەر هەموویان دەبنە قوربانیی بەدەسەڵات گەیشتنەوەی تاڵەبان. سەدان هەزار ئاوارەی دیکە بە جەمعییەتی دوو ملیۆن و نیویی ئاوارەکانی ئەفغانستان زیاد دەبێت و بۆ چەندومین جار خەڵکی بێبەش و ستەملێکراوی ئەفغانستان مەحکووم بە تەحەمولی تراژێدییەکی ئینسانی دەبن.

ئەگەرچی حکوومەتە گەندەڵ و بێکەفایەتەکانی حامد کەرزای و ئەشرەف غەنی نەیانتوانی ئاواتەکانی خەڵکی ئەفغانستان وەدی بێنن و خۆشیان تا ڕادەیەك بەرپرسی بەدەسەڵات گەیشتنی تاڵەبانن، بەڵام هاتنە سەرکاری تاڵەبان لە ئاکامی شکستی ئەمریکا لەم وڵاتە مەترسی و هەڕەشەیەکی جیدییە بۆ خەڵکی ناوچەکە و فاکتۆرێکە بۆ بەهێزبوونی ڕەوتە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

خەڵکی ئێران و کوردستان کە لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا ژیان لەژێر دەسەڵاتی ئیسلامیی ویلایەتی فەقیهی شیعەیان تەجروبە کردووە، دەتوانن بیهێننە بەرچاو کە ئیمارەتی ئسیلامیی تاڵەبان چ بەڵایەك بەسەر خەڵکی ئەفغانستان دێنێت. ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە ئەفغانستان، حکوومەتی کۆنەپەرستی پاکستان و باندە گەندەڵە دەسەڵاتدارەکان لە ئەفغانستان بەرپرسی سەرەکیی سەرکەوتنی تاڵەبانن.

بەڵام بێگومان شادی و سەمای تاڵەبان و شەریکەکانی زۆر ناخایەنێ و جەماوەری خەباتکاری ئەفغانستان بە ئەزموونی زۆر زیاترەوە و بە ناسینی ڕوونتری دەسەڵاتە جیهانییەکان، بەسەر ترس و بێ هیوایی خۆیاندا زاڵ دەبن و پشتیان لەژێر باری ئەم شکستە گەورەیەدا کە لە لایەن هێزەکانی ناوخۆ و دەرەوە بەسەریاندا سەپاوە، ڕاست دەکەنەوە.

***

Workers of all countries, unite!

PESHRAW


No: 418- SEP 2021


www.komalah.org

Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# یادێک لە سێ خەباتکاری کۆمۆنیست، فواد و سدیق و غۆڵام







## بە بۆنەی ساڵڕۆژی گیانبەخت کردنیان

٩ی خەرمانان، ساڵڕۆژی گیانبەخت کردنی هاوڕێی ڕێبەر و دامەزرێنەری کۆمەڵە فواد مستەفا سوڵتانییە. ٤١ ساڵە لەمەوبەر، لە وەها ڕۆژێکدا "فواد"، سیمای ناسراوی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێران، ڕێبەری خۆشەویستی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ڕێکخەری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان، لە شەڕێکی نابەرابەردا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاوایی "بەستام" لە مەسیری ڕێگای سەقز ـ مەریوان، گیانی بەخت کرد.

ڕۆژانی چوارەم، نۆهەم و سێزدەهەمی مانگی خەرمانان، وەبیرهێنەرەوەی سێ ڕووداوی گرینگە لە ژیانی سیاسیی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندان. لەم ڕۆژانەدا، جەریانی ئێمە، سێ کەس لە ڕێبەرانی هەڵکەوتووی خۆی، فواد مستەفا سوڵتانی، سدیق کەمانگەر و غۆڵام کەشاوەرزی لەدەست دا. ڕۆڵی سیاسیی ئەوان لە پەنا پتر لە دوو هەزار و ٥٠٠ گیانبەخت کردووی ڕیزەکانی ڕەوتی ئێمە، ژیانی سیاسیی ئەوانی کردووەتە بەشێك لە مێژووی ئەم کۆمەڵگایە. با بە یادی هەموو ئەو ئازیزە گیانبەخت کردووانە، بەکورتی چاوخشاندنێکمان بێت بەسەر ژیانی ئەم سێ سەرقافڵەیەی کاروانی گیانبەخت کردووان:

هاوڕێ فواد مستەفا سۆڵتانی ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی لە ئاوایی ئاڵمانەی سەربە شاری مەریوان، لەدایك بوو. خوێندنی سەرەتایی و قۆناغی دواناوەندی خۆی لە ئاڵمانە و سنە تەواو کرد. لە ساڵی ١٣٤٥ ڕۆیشتە زانکۆی سەنعەتی تاران و بڕوانامەی ئەندازیاریی بەرقی لەو زانکۆیە وەرگرت. لە سەردەمی خوێندنی لە زانکۆ لەگەڵ ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕانە و مارکسیستی ئاشنا بوو و هەر لەو پەیوەندەدا ڕووی کردە چالاکیی سیاسی. لە ساڵی ١٣٤٨ لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوبیرانی، تەشکیلاتێکی دامەزراند کە دواتر ناوی کۆمەڵەی لەسەر داندرا. ساڵی ١٣٥٣ لە شاری سنە لە لایەن ساواکی شاوە دەستبەسەر کرا و بۆ زیندانی کۆمیتەی هاوبەشی ساواك و شارەبانی لە تاران ڕاگوێزرا. بۆ ماوەیەکی زۆر کەوتە ژێر ئازار و ئەشکەنجەوە، بەڵام نهێنیەکانی تەشکیلاتی بە سەربەرزیەوە پاراست. دوای سێ ساڵ لە زیندانی قەسر و لە تاران بۆ زیندانی سنە لە کوردستان ڕاگوێزرا و دوایین ساڵی بەندکرانی لەوێ تێپەڕاند. مانگرتن لە خواردنی ٢٤ ڕۆژەی بەندکراوان لە زیندانی سنە، کە بوو بەهۆی ئازادی ئەو و کۆمەڵێك بەندکراوی دیکە، بە هیمەتی کاك فواد ڕێکخرا و بەسەرکەوتن گەیشت. بەمجۆرە حزووری کۆمەڵایەتیی فواد، بە ڕێبەری کردنی نارەزایەتیی بەندکراوانی سیاسی، دەستپێکرد. ئەگەر تا پێش ئەوە، فواد ڕێبەر و ڕێکخەری خەباتی نهێنی بوو، لەمەبەدوا، لێهاتوویی و تواناکانی لە بواری خەباتی کۆمەڵایەتی یەك لەدوای یەك پشکووتن. کۆمەڵە، ئەو ڕێکخراوە کۆمۆنیستییەی کە هاوڕێ فواد لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوسەنگەرانی، ٩ ساڵ پشتری دایانمەزراندبوو، لەگەڵ ڕاپەڕینی جەماوەری خەڵکی ئێران دژ بە ڕژیمی شاه، خۆی ئاشکرا کرد. ناوی فواد مستەفا سۆڵتانی و کۆمەڵە، لە ڕێبەریی خەباتی سەردەمی ڕاپەڕینی ١٣٥٧، لە بزووتنەوەی جەماوەری لە شاری سنە و پێکهێنانی شۆرای شار لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، لە کۆچی مێژوویی خەڵکی شاری مەریوان، لە ڕێکخستنی یەکیەتی جووتیاران، لە ڕێپێوانی بەرینی جەماوەری لە سنەوە بۆ مەریوان، لە پێکهێنانی یەکەمین پۆلەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵە، لە پێکهێنانی جەمعیەتە دیمۆکراتیکەکان لە زۆربەی شارەکانی کوردستان و لە ڕێکخستنی موقاوەمەتی چەکدارانەی جەماوەری لە بەرامبەر هێرشی ڕژیم بۆسەر کوردستان، درەوشایەوە. فواد بۆ ئەو هەمووە کارە مێژووییە تەنیا ١١ مانگی دەرفەت هەبوو. لەگەڵ لەشکرکێشیی کۆماری ئیسلامی بۆسەر کوردستان لە گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨، هاوڕێ فواد دەستپێشخەری کاری ڕێکخستنی موقاوەمەتی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان بوو کە ڕۆژی ٩ی خەرمانانی هەمان ساڵ لە نەبەرد لەگەڵ هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامی گیانی بەخت کرد.

پەیگیر کردنی بێ ڕاڕایی ئەوەی وا باوەڕی پێی بوو، لە خەسڵەتە بەرچاوەکانی کاك فواد بوو. لەو کاتەوە کە فواد هاتە گۆڕەپانی خەباتی سیاسییەوە، لە زیندان و لە دەرەوەی زیندان، بۆ ساتێکیش ئۆقرەی نەگرت. ئەوەیکە کۆمەڵە لە ماوەیەکی کورتدا کۆمەڵە پاش ئاشکرا کردنی چالاکیەکانی لە ڕێکخراوێکی نهێنیەوە بوو بۆ ڕێکخراوێکی جەماوەری سەرتاسەری بە هەڵوێستی ڕادیکاڵ و پێشڕەو لە کوردستان و پانتایی چالاکیەکانی ،تاران و تەورێز و چەند شاری دیکەی ئێرانیشی گرتەوە، تا ڕادەیەکی زۆر، بەهیمەتی ڕێبەریی کاك فواد بوو. فواد ساتەکانی بە باشی دەناسی و لە قۆناغە هەستیارەکاندا بڕیاری درووست و بوێرانەی دەدا. بوێریی کاك فواد سەرچاوەگرتوو لە باوەڕی قووڵی بە هێزی لەبن نەهاتووی جەماوەر بوو. خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لە میحوەری ئەندێشە و کردەوەی "فواد"دا بوون و گڕوتینی شۆڕشگێڕانەی فواد، خۆی، هێمای خەباتی زەحمەتکێشان بۆ ڕزگاری بوو.

****

کاتژمێر ٢ی بەرەبەیانیی ڕۆژی ١٣ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٨، هاوڕێ سەدیق کەمانگەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە، لە حاڵێکدا کە خەریکی نووسینی وتارێك بۆ دەنگی شۆڕشی ئێران، ڕادیۆ کۆمەڵە بوو، لە کردەوەیەکی جەنایەتکارانەدا لە لایەن خائین و بەکرێگیراوێکی کۆماری ئیسلامی هێرشی کرایە سەر و گیانی بەخت کرد.

هاوڕێ سدیق لە ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی لە ئاوایی ئافریانی سەربە شاری کامیاران لەدایك بوو. قۆناغی خوێندنی سەرتایی تا دواناوەندیی لە کامیاران و کرماشان تێپەڕاند. لە ساڵی ١٣٤٤ ڕۆیشتە زانکۆی تاران و لە ساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی بڕوانامەی کارناسیی باڵای لە زانکۆی زانستە سیاسیەکان وەرگرت. لە ساڵەکانی دەیەی ١٣٥٠ی هەتاوی بەلەبەرچاوگرتنی ناکۆکیی نێوان جووتیاران و خەڵکی ئاوایی دارسەیرانی مەریوان لەگەڵ مالیك و فیئۆداڵە کوردەکان، کە شکڵی خەباتی جەماوەریی بەخۆی گرتبوو، هاوڕێ سدیق وەك پارێزەر، دیفاعی لە مافی جووتیاران کرد. هەروەها لە مانگی پووشپەڕی ساڵی ٥٧ی هەتاوی بۆ پشتیوانی لە مانگرتن لەخواردنی بەندکراوانی سیاسی لە زیندانی سنە، یەکەمین کۆبوونەوەی نارەزایەتیی لە بەرامبەر بینای دادگوستەریی ئەمشارە ڕێکخست.

سدیق کەمانگەر سیمای درەوشاوە و خەباتکاری بە ئەزموونی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، یەکێك لە بەناوبانگترین و خۆشناوترین ڕێبەرانی جەماوەری خەڵك و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، ئاژیتاتۆر و وتەبێژی هەڵکەوتەی جەماوەری بوو. لە پتر لە چوار دەیە پێش گیان بەخت کردنیەوە، خەبات لە ڕێگای ڕزگاریی چینی کرێکاری کردبووە ئامانجی ژیانی خۆی و لەمەبەدوا ژیانی پڕلە هەڵسووڕانی لەگەڵ خەباتی کۆمۆنیستی و شۆڕشێگڕانە تێکهەڵکێشرا. دەستپێکی خەباتی ڕێکخراو، لەناو ڕێکخراوی نهێنی کۆمەڵە لە یەکەمین مانگەکانی دامەزرانیەوە، دەرکەوتن وەك ڕێبەری بزووتنەوەی جەماوەری لە سەردەمی شۆڕش دژبە ڕژیمی شا، بڵاوکردنەوەی چەندین بەیانییە وەك وتەبێژی ناوەندی پارێزەرانی ئێران، بوون بە ڕێبەر و وتەبێژی بەرەی ڕادیکاڵی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە لە بەرامبەر کۆنەپەرستانی مەحەلی و ئایینی لە جنووبی کوردستان، بوون بە ڕێبەری جەماوەری ڕاپەڕیو لە شاری سنە، پاشان درەوشانەوەی وەك زمانی ڕەوان و ئاگرینی خەڵکی ڕاپەڕیو دژبە ڕژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی ئیسلامی لە جەرەیانی نەورۆزی خوێناوی سنە و لە شۆرای شۆڕشگێڕی ئەمشارە، پێناسەکرانی لەگەڵ داخوازیی و بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێشی شار و گوند لە کوردستان، بەشداری کردن لە نەبەردی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان وەك فەرماندەی نیزامی، سەرپەرستی و بەڕێوەبەریی دەنگی شۆڕشی ئێران، ڕادیۆ کۆمەڵە کە خۆی یەکێك لە نووسەران و وتاربێژانی بەناوبانگی بوو، بەشداری کردن لە چالاکییە جۆراوجۆرە سیاسی و تەشکیلاتیەکان وەك ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە، بەشێك لە کارنامەی سیاسیی پڕباری هاوڕێ سدیق کەمانگەر پێکدێنن.

****

هاوڕێ غۆڵام کەشاوەرز، (بەهمەن جەوادی)، لە ساڵی ١٣٤٤ لە ئاوایی نارەکی سەربە شارستانی دووگۆنبەدان لە دایك بوو. لە تەمەنی تازەلاویدا لەگەڵ ئەدەبیاتی نارەزایەتی ئاشنا بوو و ڕووی کردە خەباتی سیاسی. پێکهێنانی کۆڕێك بەناوی "کردەوەی شۆڕشگێڕانە دژبە باروودۆخی ئێستا" لە ساڵەکانی ٥٢ و ٥٣ی هەتاوی، یەکەمین هەنگاوەکانی هاوڕێ غۆڵام بوو لە پێناو ئامانجە مەزنە کۆمۆنیستیەکان تا گەیشت بە بەشداری کردنی لە دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. لە ساڵی ١٣٥٤ و هەر لە یەکەمین ڕۆژەکانی چوونی بۆ زانکۆی کشت و کاڵی کەرەج، جێگای خۆی لەناو کۆڕی خوێندکارانی شۆڕشگێڕ کردەوە. کۆمەڵێك چالاکیی سیاسی و بەشداری کردنی لە بەڕێوەبردنی چەندین نارەزایەتی و مانگرتنی خوێندکاری کە دواییینیان، بانگەوازی سەرکەوتووانەی خوێندکاران بۆ پشتیوانی لە خواست و مانگرتنی کرێکارانی جەهان چیتی تاران لە مانگی گوڵانی ١٣٥٥ی هەتاویدا بوو و بەهۆیەوە دەستبەسەر و زیندانی کرا. هاوڕێ غۆڵام کەشاوەرز لە زیندان گیانفیدایانە موقاوەمەتی کرد. بۆ ئەو کەسانەی کە لە بەندەکانی دەورووبەریەوە هاواری ئەویان دەبیست و ڕاکێشرانی جەستەی بریندار و بەئازاری ئەویان لە ڕاڕەوەکاندا هەست پێدەکرد، دەنگی "وتم کە نازانم"ی ئەو، متمانە بەخۆیی، هیوا، وورەی شۆڕشگێڕانە و توانای خۆڕاگریی چەند هێندە دەکرد.

ساڵی ٥٧ لەگەڵ هەزاران دیلی دیکە لە زیندان ئازاد بوو، وتار، تەبلیغ و بانگەشە لە کارخانەکان، لە زانکۆکان و لە شەقامە پڕ گڕوتینەکانی شۆڕش، ڕۆیشتن بۆ کارخانەکان، بەشداری کردن لە گرتنەوەی پادگانی عێشرەت ئاباد، پێکهێنانی کۆڕ و ناوەندی فێرکاری و تەبلیغ بۆ کرێکاران و لاوان. هاوڕێ غۆڵام شەو و ڕۆژ هەوڵی دەدا. سەرەتاکانی زستانی ساڵی ٥٨ لەگەڵ گرووپێك لە هاوڕێ و هاوبیرانی بە "یەکیەتیی خەباتکارانی کۆمۆنیست" پەیوەست بوو. پاش زەربە لێکەوتن لە تەشکیلات و شوێنگرتی پۆلیس، لە زستانی ساڵی ٦١ ڕووی لە ناوچە ئازادەکانی کوردستان کرد. پاش کۆنگرەی دامەزرێنەری حیزب، هاوڕێ غۆڵام بە ئەندامی کۆمیتەی ڕێکخستنی تەشکیلاتی نهێنیی حیزب هەڵبژێردرا. لە ساڵەکانی دواییدا و تا کاتی گیانبەخت کردنی بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری لە ئاست ڕێبەریدا وەئەستۆ بوو و هاوکات لە خاوەن بۆچوونە جیدی و پەیگیرەکان بوو لە ئاستی ڕێبەریی حیزبدا. شەوی چوارەمی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی، هاوڕێ غۆڵام کشاوەرز، لە حاڵێکدا کە بۆ دیتنی کەس و کاری ڕۆیشتبووە قیبرێس، لە شاری لارناکا لە لایەن بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامیەوە هێرشی کرایە سەر و کاتژمێرێك دواتر لە نەخۆشخانە گیانی بەخت کرد.

وێڕای نوێ کردنەوەی پەیمانی وەفاداری لەگەڵ هەموو ئارمانە کۆمۆنیستی و ڕزگاری بەخشەکان، کە هاوڕێیان فواد و سدیق و غۆڵام لە ڕەچەشکێنانی شێلگیری بوون، یادیان بەرز و بەڕێز ڕادەگرین.

***